# نوسینی بێباجی هەندێک کوردی چوارمشقی ... جەمال فەتاح

بەشی پێنجەم

لەم بەشەشدا باسی هەندێک کەسی بەناو نەتەوەیی بەزیبودۆڕاو تان بۆئەکەم ئەکەم. لەسەرەتای دەست پێکی خەباتی نەتەوایەتی بەتایبەتی لەباشوری کوردستاندا هەمیشە شانبەشانی شۆڕشی ئەیلولی مەزن وشۆڕشی گولانی نیشتمانی پێشکەوتنخواز کۆمەڵێک کەسی نەتەوەیی رووت کەمەبەستیان دامزراندنی دەوڵەتی کوردی بوو ئەهاتنەمیدان ڕۆڵێ ئەمانە لەهەردوو شۆڕشدا جێگای ڕێزی سەرکردایەتی شۆڕشو بەتایبەتی شۆڕشی ئەیلولی مەزن وشەخسی سەرۆک مستەفا بارزانی بوون وەکو باڵی کاژیک کەلەشۆڕشی ئەیلولدا بەجۆرێک ڕێزیان لێنرابوو ببون بە بەشێک لەشۆڕشی ئەیلولی مەزن، لەشۆڕشی گولانیشدا کەناوەکەیان گۆرا بۆپارتی سۆشیالستی کورد (پاسۆک) هەردەم لەبەرەی نیشتمانی ئێراقی (جود) دا ولەبەرەی کوردستانیشدا شانبەشانی لایەنە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی خەباتی کوردستانی باشور هەردەم ڕۆڵیان جێگای ڕێزوبایەخ بوە پاشان ئەوەبوو لەدوای ڕاپەڕین لەنۆڤەمبەری 1993دا لەکۆنگرەی 11ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەر سێ باڵ حزبی سۆشیالستی کوردستان (حسک) وپارتی سۆشیالستی کورد (پاسۆک) وپارتی گەلی دیموکراتی کوردستان هەرسێ لایان هاتنەناو پارتی دیموکراتی کوردستان وبەتەواوی خۆیان هەڵوەشاندەوە وبەئێستاشەوە بەشێکی گرنگن لەپارتی دیموکراتی کوردستان.

دیارەی درێژبوونەوەی ڕێبازی نەتەوەیی ودروشمی قەبەی دامەزراندنی دەوڵەتی کورد لەکاتی شۆڕشەکانی کوردستانی باشوردا لەلایەن ئەو ڕێبازەنەتەوەییەوە بارودۆخی کورد ودوژمنای وایکرد کەبەدرێژایی شۆڕش هەر بەدروشم مایەوەو نەچووە واری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، بۆیەلەدوای ڕاپەڕینیش ئەوەبوو هەرسێ باڵە نەتەوەییەکە بەتایبەتی پاسۆک وپارتی گەل ڕۆڵی نەتەوەیی خۆیان بۆدامەزراندنی دەوڵەتی کوردی وبەجێگەیاندنی دروشمەدێرینەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەناو ریبازی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بینیەوە بۆیە خۆیانکرد بەبەشێک لەپارتی دیموکراتی کوردستان. بەڵام لەگەل ئەوەشدا بەفیتی هەندێک لایەنی نەیار یان هەندێک کەسی بەرژەوەندی پەرست وکۆمەڵێک خەڵکی بێتواناو بێکەڵک بۆکورد کەهەر هەمیشە بەوتەی زل ودروشمی بێناوەرۆک وبێکردەوە لەگەل شۆڕشی کورد دابوون دژی ئەو هەڵوێستە کورد پەروەرانەی (حسک) و (پاسۆک) و (پارتی گەل) وەستان وکەوتنە درۆو بوختان بڵاوکردنەوە دژی ئەوسێ باڵەی ڕێبازی کوردایەتی وپارتی دیموکراتی کوردستان. ئێستاش هەندێک لەوکەسە بەزیی ودەرون نەخۆشانە هاتونەتە ئەوروپاو دەستیان کردووە بەنوسین دژی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی باشورو لایەنە شۆڕشگێڕەکانی، هەرچەند ئەو جۆرەکەسانە لەپەنجەکانی دەست تێناپەڕن، بەڵام بەدروشمی قەڵەوی بێکردەوە کەوتوونەتە نوسین دژی کێشەی ڕەوای کوردستانی باشور بەتایبەتی. هندێک لەوکەسانەش نەکاتژمێرێک ماندوو بوون بۆکورد ونەدینارێکی بێنرخیشیان لەپێناوی کورد دا زیانبەرکەوتووە بەڵام بەلاکەوەدایە خۆیان لەسەرکردایەتی سیاسی کوردو لەگشت لایەنە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان ولەگشت هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەدڵسۆزترو بەئەمەکترو بەپسپۆرتر ئەژمێرن بەڵام ئەمەش لەووتە قەڵەوی بێکردەوە دەرچێت هیچیتر نیە، وەباش وایە سنورێک بۆخۆیان وتە زل وبێکردەوەکانیان دابنێن وچیتر خۆیان لەڕاستیەکان گێل نەکەن

وبۆمەرامی تەسک وتایبەتی خۆیان چیتر خەڵکی سادەو ساویلکەی کورد بەشەوارە نەخەن، وەباهەمولایەکیش دڵنیابێت هیچ کەس لەوانەو گشت ئەوکەسانەش کەوەک ئەوان بیر ئەکەنەوە نەئەتونن لەتاکەپێشمەرگەیەکی گیان لەسەر دەستی کوردستان دڵسۆزترین بۆکورد ونەلە هیچ تاکێکی سادەی کوردیش پسپۆرترن بۆکورد وکێشەڕەواکەی، چونکە بەدرێژای مێژوی خەباتی گەلەکەمان وبەدرێژایی ڕۆژانی سەختی خەباتی نەتەوەکەمان جگەلە هێزی پێشمەرگەی کوردستان وسەرکردایەتی سیاسی بەئەمەکی کوردو کوردستان کەسی تر نەبووە بەرگری لەمافەنەتەوایەتیەکانی نەتەوەکەمان بکات وبەرپرچیگورچوبڕی دوژمنانی بداتەوە وەکەس بەدرێژایی مێژوی شۆڕش لەوان دڵسۆتر نەبووە ولەوانیش دڵسۆزتر نابێت، چونکە ڕۆژانی تەنگانەی کورد تەنها ئەوان بوون بەرگریان لەدوژمنانی سەر سەختی نەتەوەکەمان کردووەو بەرپەچی دڕندەترین دوژمنیان داوەتەوە کەئەوێش ڕژێمی فاشی بەعس وسەدام بوو کەلەدوای ڕووخانیشی ئەوەتا هەموو هێزی نێودەوڵەتی وپۆلیس وسوپای ئێراقی نوێش بەدەستی تەنها پاش ماوەکانیانەوە گیریان خواردووە، هێزی پێشمەرگەی گیان لەسەر دەستی کوردستان وسەرکردایەتی سیاسی کوردستانی باشور دەیان ساڵی خەباتی سەختی شۆڕش بەرانبەر بەو ڕژێمە دڕندەو مرۆڤ کوژە ڕاوەستا بوون کە گشت وڵاتانی ناوچەکەو هەموجیهانیشی بەگیرهێنابوو، ئیتر من نازانم ئەم فسفس پاڵەوانانە ڕۆژانی تەنگانەی کورد لەکوێ بوون بۆچی ئەوڕۆژانە نەبەنوسین ونەلەمەیدان هیچ کسێک دیار نەبوو جگە لەپێشمەرگەی بەئەمەکی لایەنە کوردستانیەکان وسەرکردایەتی سیاسی کورد بەڵام ئێستا کەئەوان چۆکیان بەدوژمنان داداوەو سەربەستیان بەدیاری پێشکەشی نەتەوەکەمان بەگشتی وکوردستانی باشور بەتایبەتی کردووە کەچی ئەوەی لەڕۆژانی تەنگانەدا لەبن لێفەکەشیاندا نەیان وێراوە باسی کورد بکەن بەڵکو هەندێکیشیان ڕاستەوخۆ لەخانەی دوژمنان وداگیرکەراندا بوون ئێستا کەجادەکەی پان بووە بەخەیاڵی خاویان ئەیانوێت هەموو پیرۆزیەکانی کوردو شۆڕش وپێشمەرگە بەسوک وچروک سەیربکەن ولەکەداری بکەن وپیشانی خەڵکی سادەو ساویلکەی کوردستانی بدەن. بەڵام باهەمومان دڵنیابینلەوەی هەتازەوی لەخولە کورد لەپێشمەرگەی شاخ دڵسۆزتری نابێت ولەسەرکردایەتی سیاسی شاخ دڵسۆزتروپسپۆرترو بەئەمکتری نابێت. ئیتر بۆچی هەندێک کەسی کورتەباڵا لەخەباتو کورتەباڵا لەنیشتمان پەروەری وکورتەباڵا لەهەزر بیانەوێت پێشمەرگەو شۆڕش ولایەنە شۆڕشگێڕەکان وسەرکردەکانی کورد لەکەدار وپەراوێز نیشانی خەڵک بدەن وکۆمەڵێ خەڵکی بەناوڕۆشنبیری لاوازی کوردیش هەبێت لایەنگری ئەوانەبێت وبەگەردنیاندا بکێشن بۆیان ولایەنگری تاوانەکانیان وڕشانەوکانیان بن کەبەرانبەر پێشمەرگەو سەرکردایەتی بەئەمەکو شۆڕشگێڕی چەندین ساڵەی کورد ئەڕشێنەوەو درۆو بوختانی نارەوا دروست ئەکەن. کەهەمولایەکمان دڵنیابین جگەلەبەرژەوەندی دوژمنانی نەتەوەکەمان کەسیتر کەڵک لەزبڵ نوسی و وتەی پڕووپوچی ئەوجۆرە کەسە کورتە باڵانە وەر ناگرێت؟؟!!. .

ماویەتی. . .

جمال فتاح
2005/10/27
لەندەن